ژمارە : ٢١٨ / ٢٧٢ کوردی ٢٥ / ١١ / ٢٠٢٥ زاینی

# ئـــاگـــاداری

## ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( 94 ) بودجەی ئاسایی

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پڕۆژەی ( دابین کردنی خۆراکی ووشک و تەڕ وە ئامادە کردنی خواردن لەگەڵ پێداویستی پاککەرەوە بۆ سوودمەندانی فەرکانگەکانی ( خانەی چاودێری کوڕان و کچان + مالی بەساڵاچوان و داڵدەی ئافرەتی هەرەشە لێکراو ( شلتەر ) + دوو داینگە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ) کە (بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی هەولێر ) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(11)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی ( چوار شەممە) ڕێکەوتی ١٠/١٢/ 2025 دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە کرێی بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

### مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر :

- کۆمپانیا تایبەت بێت بە دابینکردنی خۆراك ، پشتگیری تۆماری کۆمپانیاکان بۆ ساڵی 2025 بێنێت .
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ کراوە بێت بۆ ساڵی 2025 و پشتگیری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ساڵی 2025 بێنێت .
- ماوەی پڕۆژە ( یەك) ساڵە .
- کاتی بەسەر چوونی تەندەر ( 90 ) ڕۆژە لە بەرواری کردنەوەی تەندەرەکە.
- سزای دوا کەوتن بەپێی ڕێنمایی لایەنی پەیوەندیدار کەلە ژمارە ( 10 ) مەرجە تایبەتەکاندا هاتووە .
- بارمتەی سەرەتایی بە بڕی ( 40,000,000 ) چل ملیۆن دینار بە شێوەی چەکی پەسەند کراو یان دەستەبەری بانکی ( خطاب ضمان ) لە یەکێك لە بانکەکانی باوەڕ پێکراو لە هەرێم .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای کات و ڕۆژی دیاریکراو لە سەرەوە .
- لە کاتی وەرگرتنی تەندەر کۆمپانیا یان بەڵێندەر دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان ( تخويل ) لەلایەن کۆمپانیا یان بەڵێندەر بێنێت .
- پێویستە لەسەر کۆمپانیا یان بەڵێندەری کە کەمگریەکەی لەسەر دەگیرسێتەوە بەرلە واژووکردنی گرێبەست لە ماوەی یاسایی سەردانی ناوەندی پەسندکردنی دابینکاران بکات بە مەبەستی تۆمارکردنی ناوی کۆمپانیاکەی بەپێچەوانەوە بەپێی ڕێنمایی بە پاشگەز هەژمار دەکرێت .
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش کڕینی تەندەر بە سەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر .
- فرۆشتنی تەندەر ( 200,000 ) دوو سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (9) ی بەیانی تاکو (1) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

**تێبینی :**

دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .
هەموو بەڵگە نامە داواکراوەکان لەکاتی پێشکەش کردن لەناو تەندەر دابنرێت .

ئومێد خۆشناو
پارێزگاری هەولێر

**وێنەیەك بۆ :**

- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەل ڕێزماندا ...
- ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی هەولێر/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەل ڕێزماندا ...
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری — بۆ جن بەجێ کردن و کاری پێویست......
- بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا .....
- ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا ......
- یەکێتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست
- پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگاداریەکە .
- خولاو

فرهاد 11/24